www.kurdistannet.org
7-2-2007 19:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆ بەڕیز وەزیری تەندروستی کوردوستان ... هەڵۆ

بەڕیزان ڕۆژ بەڕۆژ دەبینین لە میدیای کوردیدا کە چەندین منداڵ بێ دەرمانن لە خەستەخاناکانی کوردەستاندا وە ناتوانن دەرمانیان بۆ پەیدا بکەن وە یاخود لە بەر گرانی ئەو دەرمانان کەسوکاری منداڵاکان ناتوانن بۆیان بکڕن. بەڕیزان ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن کە پێتان ڕا بگەیەنین ئەگەر دەتوانن هەوڵبدەن ناوی ئەو دەرمانان کە نەخۆشەکان پەکیان کەوتووە وە حکوموتی کوردی ناتوانێت بۆیان پەیدا بکات، ناو ئەو دەرمانانە وە لە چی پێک هاتون لە ڕێگەی کوردوستان نت/وە یا خود لە ڕیگەی ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردیەوە بڵاوی بکەنەوە تاکو کوردەکان لە ئەوروپا بتوانین پەیدایان بکەین. لەبەر ئەوەی لە ئەوروپا دەتوانرێ لە ڕێگەی چەندین کۆمیتەوە ئەم جۆرە یارمەتیانە پەیدابکەن. وە ئەم جۆرە هەنگاوە لە خزمەتی هەموو لایەکدایە بە تایبەتی بۆ ئەو خێزانە هەژارانە کە ناتوانن دەرمان بکڕن بۆ نەخۆشەکانیان. وەکو ئێستا کە لە خەستەخانەی سلێمانی 12 منداڵ نەخۆشی قورسیان هەیە وە لەسەر مردنن،ماشاللە کوردە دەوڵەمەندەکانی کوردوستان تۆزێک ویژدانیان نا جوڵێ بۆ یارمەتیدانی ئەم جۆرە نەخۆشانە. وە هەروەها دەسەڵاتدارە کوردەکانی کوردەستان بە هەمان شیوە پێویستە لەسەر شانیان کە یارمەتی ئەم 12 منداڵە بدەن،نەک تەنها هەر بۆ گیرفانی خۆیان و چواردەرەکانیان هەوڵبدەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.